# سروشتی دامەزراندنی حزبە سیاسیەکان و کاریگەری لەسەر گەشەی دامەزراوە سیاسیەکان (هەرێمی کوردستان وەک نمونە)

**د. یاسین صاڵح حمه***

وشە کلیلییەکان: هەرێمی کوردستان. دامەزراوەییبوون. حزبی سیاسی
https://doi.org/10.31271/jopss.10081

**پوختە**

ئەم توێژینەوە هەوڵدەدات کاریگەری و پەیوەندی نێوان سروشتی دامەزراندنی حزبە سیاسیەکان و کێشەی لاوازی دامەزراوەیی لە هەرێمی کوردستان (وەک نمونە) ئاشکرا بکات. شرۆڤەی ئەو گریمانە دەکات، کە لەو ناوچانەی کە حزبەکانی لە چوارچێوەی سیستمی نادیموکراسیدا لەدایکبوون، لەداهاتوودا کار دەکاتە سەر لاوازی پرۆسەی دامەزراوەییبوون. لە توێژینەوەکانی پێشتردا پسپۆران بابەتەکانی خۆیان بۆ لێکۆڵینەوە لە جۆر و سیستمی حزبە سیاسیەکان تەرخانکردووە، بەڵام ئەم بابەتە تیشک دەخاتەسەر جۆری پەیوەندییەکانی حزب لەگەڵ دامەزراوە سیاسیەکان. جیاوازی ئەم توێژینەوە لەوانەی پێشوو ئەوەیە کە شرۆڤەی کاریگەری سروشتی لەدایکبوونی حزبەکان دەکات لەسەر پەیوەندی و تێڕوانینیان بەرامبەر دامەزراوە سیاسیەکان نەک شرۆڤەی خودی سیستمە حزبیەکان. بە پشتبەستن بە میتۆدی دیسک ستەدی؛ بەکارهێنان و شرۆڤەکردنی ئەدەبیاتی بواری حزبە سیاسیەکان و بنەماکانی دامەزراوەییبوون لای سامۆئیل هینتنگتۆن، هەروەها بەکارهێنانی دراسەی بەراوردکاری، بابەتەکە ئەوەی دۆزیوەتەوە کە لەبەرئەوەی حزبەکانی ناوچە تازەگەشەکردووەکان و کوردستان لە ژینگەیەکی تۆتالیتاری و لەدەرەوەی سیستمە سیاسیەکان لەدایکبوون، کاتێک دەگەن بەدەسەڵات خۆیان بەگەورەتر لە دامەزراوە سیاسیەکان دەزانن، وە دوواجار ئەو پەیوەندییە ناتەندروستەی لە نیوان حزب و دامەزراوە سیاسیەکان دێتەئارا، دەبێتە فاکتەری سەرەکی لاوازی دامەزراوەکان و سەرنەکەوتنی پرۆسەی دامەزراوەییبوون. هاوکات ئەوەی دۆزیوەتەوە کە دەربازبوون لە دۆخێکی لەم شێوە کارێکی ئەستەم و ئاڵۆزە و ئیرادەی بەهێزی دەوێت.

---

* دکتۆرا لە سیاسەت وپەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان- زانکۆی نۆتینگهام- بەریتانیا، بەرێوەبەری گشتی نێردراوان و پەیوەندییە رۆشنبیرییەکان لە وەزارەتی خوێندنی باڵا وتویژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان، وانەبێژ لە کولیژی زانستە سیاسیەکان- زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر yaseen.salih@su.edu.krd

**ملخص**

**طبيعة تأسيس الأحزاب السياسية وتاثيرها في بناء المؤسسات السياسية: إقليم كوردستان إنموذجاً**

تحاول هذه الدراسة شرح التأثير والعلاقة بين طبيعة تأسيس الأحزاب السياسية ومشكلة الضعف المؤسساتي في إقليم كوردستان كدراسة الحالة. يوضح تلك الفرضية أنه في المناطق التي ولدت فيها الأحزاب في إطار نظام غير ديمقراطي، سيؤثر ذلك على ضعف عملية المؤسساتية مستقبلاً. وقد ركزت الباحثون سابقا في دراساتهم على انواع و انماط الأنظمة الحزبية، و لكن هذه الدراسة قد ركزت على نوع العلاقة الأحزاب السياسية مع المؤسسات السياسية. لذا فان الاختلاف بين هذه الدراسة مع الدراسات السابقة، هو في تحلل التأثير لطبيعة نشأة الأحزاب السياسية في علاقتها وآرائها تجاه المؤسسات السياسية، و ليست تحليل الأنظمة الحزبية ذاتها. اعتمدت الدراسة على منهج التي يتم فيها إستخدام وتحليل دراسات السابقة للاحزاب السياسية، و اسس مؤسساتية والتي طبقها صاموئيل هنتنكتن، وكذلك اعتمد على المنهج المقارن. حيث توصلت الدراسة إلى أنه نظرا لان الأحزاب السياسية في المناطق البلدان النامية و من ضمنها اقليم كوردستان و التي نشأة في بيئة شمولية خارج الأنظمة السياسية، حين تستلم السلطة تعتبر نفسها أقوى من المؤسسات السياسية. استنتاجا لذلك تنشأ العلاقة غير الطبيعية بين الأحزاب والمؤسسات السياسية و هي العامل الأساسي في ضعف المؤسسات وعدم نجاح العملية المؤسساتية. وكذلك اوجدت الدراسة بأن الخروج من هذه الوضع هي عملية صعبة و معقدة، و يحتاج الى أرادة قوية و فعالة.

**Abstract**

**The Nature of Emerging Political Parties and Its Impact on Political Institutions, Kurdistan Region as a Case Study**

The paper aims to investigate the impacts and relationships between the nature of emerging political parties and the problem of institutional weakness in the Kurdistan Region. It seeks to understand how political parties that have emerged from non-democratic systems perceive and interact with political institutions, and how this influences the process of institutionalization in the future. It argues that emerging political parties tend to have a negative impact on the institutionalization. Unlike previous studies, this one emphasizes the importance of the political environment of emerging political parties and their perceptions towards political institutions, rather than solely analyzing party systems. Through a desk study and analysis of literature on political parties, institutionalization criteria by Samuel Huntington, and a comparative approach, the article concludes that in developing countries and governments such as the Kurdistan Region, political parties that emerge from totalitarian environments often view themselves as superior and stronger than political institutions when they take control and assume power. This leads to abnormal relationships between the parties and weakens the institutionalization process. The study highlights the need for effective political will to address this complex situation.

## تەوەری یەکەم- پێشەکی؛ سەرهەڵدانی حزبەکان و سروشتی کارکردنیان

سەرهەڵدانی حزبە سیاسیەکان یەک لە بەرهەمەکانی دونیای مۆدێرنەیە کە ڕۆڵێکی گرنگیان گێراوە لە پێشخستنی پرۆسەی دیموکراسی وڵاتانی ڕۆژئاوا لە کۆتاکانی سەدەی ١٨ و سەرەتاکانی سەدەی ١٩. بەشیوەیەکی ڕێژەیی دەکرێ بووترێ حزبەکان بریتین لە کەناڵەکانی گوزارشتکردن و نوێنەرایەتیکردنی خەڵک؛ ئەم گوزارشتکردنە هاتووەتە دی هاوشان لەگەڵ پرۆسەی دیموکراسیبووندا (Sartori, 1976). بەبێ پرۆسەی هەڵبژاردن و دیموکراسی ئەستەمە گوزارشت لە خواستەکانی خەڵک بکرێ. سامۆئیل هنتنگتۆن (١٩٦٨) پێیوایە کە حزبەکان ئامرازی پەرەپێدانی دیموکراسی و بەمەدەنیکردنی کۆمەڵگان، دامەزراوەی سەرەکین لە هاندان و بەشدارپێکردنی خەڵک لە پرۆسەی دیموکراسیدا.

هەرچەند لە سەرەتادا حزبەکان لە رووی فۆرم و کارکردن لێکدەچن، بەڵام دوواتر چەندین جۆر حزبی سیاسی گەشەیانکردووە کە ناکەونە نێو ئەو دابەشکردنانەی کە تویژینەوە کلاسیکیەکان لەخۆیانگرتووە (Gunther and Diamond, 2003). لە دونیای ئەورۆدا ئامانج و پاڵنەری جودا هەن لە پشت دامەزراندنی حزبەکان وەک ئامانجی بەدەستهێنانی دەسەڵات، مەبەستی ئابوری و بەدەستهێنانی قازانج و دەستکەوتی مادی بۆ کەسان و خێزان و گروپەکان، پاڵنەری پراگماتیکی بە هۆی جیاوازی ئایدۆلۆژیا، بیرۆکە، بونیادی نوێ، مامەڵەکردن و موزایدە (کامبۆ ٢٠١٧).

بەڵام، چەمک و دامەزراندنی حزبی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوین بە شیوەیەکی ڕێژەیی نوێیە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی سەدەی بیستەم کە زۆرینەی ناوچەکە لە لایەن پاشایەتی و حکومەتە تۆتالیتاریەکانەوە بەڕێوەدەبرا (حرب، ١٩٨٧). هەروەها بەشی زۆری ناوچەکە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە ژێر هەژموونی کۆلۆنیالیزمدا بەرێوەدەبرا. هەربۆیە سەرهەڵدانی ناسیونالیزم و بزوتنەوە ڕزگاریخوازەکان ڕۆڵێکی ئێجگار گەورەیان گێڕاوە لە دامەزراندن و زۆربوونی حزبە سیاسیەکان. ئەمەش ڕۆڵی خۆی گێڕاوە لەسەر سروشت و تیگەشتنی حزبەکانی ناوچەکە بەرامبەر بە دەسەڵات و دامەزراوە سیاسیەکان. سەرهەڵدانی حزب لە بنەڕەتدا گرێدراوە بە نارەزایی دژ بە سیاسەتی کۆلۆنیالیزم و حکومڕانی دەسەڵاتگەرای ناوچەکە نەک جیاوازی کوتلەی پەرلەمانی و ئایدۆلۆژی لەشێوەی سەرهەڵدانی حزبەکانی ئەوروپا (حرب، ١٩٨٧: ١١١). دەکرێ بووترێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوین بەگشتی و لە نێوگەلانی بن دەست، کوردستانیش لە نێویاندا سروشتی دامەزراندن و چالاکی حزبەکان بەوە جودادەکرێتەوە، کە حزبەکان وەک پیداویستی کێبرکێی هەڵبژاردن و سیستمی پارلەمانی لەدایک نەبوون، بگرە لەدەرەوەی سیستمی سیاسی، زیاتر وەک ئامرازێک بۆ رێکخستن و بەگەرخستنی بزوتنەوەی نەتەوەیی دژ بە کۆلۆنیالیزم و داگیرکەران ، یاخود وەک حزبی یەکخستن و بونیادنانی نەتەوە گەشەیانکردووە.

لە کاتێکدا لەدووای جەنگی جیهانی یەکەم و لە دەرەنجامی سیاسەتی کۆلۆنیالیزمی بەریتانی، دەوڵەتی عێراق و چەندین دەوڵەتی دی لە ناوچەکە لەدایک دەبن، هەموویان گیرۆدەی ئەو گێژاوە دەبن کە چۆن گروپ و پێکهاتە جیاوازەکان یەکبخرێن و نەتەوە دروستبکرێ (Bengio, 2008). زۆربەیان کەوتنە ئەو هەڵەیەوە کە لە میانەی پەروەردە و زمانی نەتەوەی سەردەست هەوڵیاندا

نەتەوە و پێکهاتەکانی دی بتوێننەوە (assimilation)، بگرە زۆرجار ئەم پرۆسەیە گەشتووەتە قۆناغی جینۆسایدو سڕینەوەی ئەتنیکی (ethnic cleansing) کە تا ئێستاش گەلانی ئەم ناوچەیە بەدەستیەوە دەناڵێنن.

بە شیوەیەکی گشتی دامەزراندنی حزبەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوین و ئەفریکا حزبی ناسیونالیستی و نەتەوەیین. لەگەڵ ئەوشدا، لاپالومبارا و وینەر جەخت لەسەرئەوە دەکەن کە زۆربەی ئەو حزبانەی لەم ناوچەدا بە ئامانجی یەکخستنی نەتەوە دروست بوون بەدەگمەن ئامانجەکانیان لەم رووەوە بەدەستهێنا (وەرگیراوە لە حرب، ١٩٨٧: ٨٨) . بەشیکی زۆر لە حزبە ناسیونالیستییەکانی ئەفریکا کە لە پێناوی سەربەخۆیی دژ بە حوکمی کۆلۆنیالیزم دەجەنگان، توشی قەیرانی گەورە هاتن کاتێک ئامانجەکانیان بەدەستهێنا ئەرکەکانیان لە ئۆپۆزسیۆنی سیستمەوە گۆڕا بۆ حکومڕانی وولات (Huntington, 1965)، چونکە لە پرۆسەی دامەزراوەییبوون و خۆگەنجاندن سەرکەوتوو نەبوون.

بەشی زۆری ئەم ناوچانە لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە کەوتنە ناو شەڕو ململانێی ئەتنیکی- تائیفی و کودەتای سەربازی و توندوتیژی (Huntington, 1968)، وە لە دوای شەستەکانەوە بوون بە دەوڵەتی شکستخواردوو (Ezrow and Frantz, 2013). بۆ نمونە دەوڵەتی عێراق لە میانەی قوتابخانە و بیرۆکراسیەتەوە هەوڵدەدا زمان و مێژوو و کلتوری عەرەب بکات بە فاکتەری یەکخستنی پێکهاتەکان. واتە بە پێچەوانەی ئەوەی هەوڵبدا لەمیانەی پرۆسەی ئاویتەبوون (integration) نەتەوەی عێراق دروست بکات، هەوڵدەدا پیکهاتەکان بکات بە عەرەبی سونە (Franzén, 2011). حکومەتەکانی عێراق هێندە سەرقاڵبوون بە دژایەتی پێکهاتەکانی دیکە، هەوڵی گەشەپێدانی دامەزراوە سیاسی و کارگێڕییەکانیان نەدەدا. ئەم دۆخە بوو بە بنەمای سەرهەڵدانی ململانێی نێوخۆیی و لەدایکبوونی حزبی ناسیونالیستی عەرەبی کە هەر چالاکیەکی کلتوری لە دەرەوەی نەتەوەی عەرەب بە دوژمنکاری و دەستی بێگانە لەقەڵەمبدا. هەربۆیە هەر کات کورد و نەتەوەو ئاینزاکانی دی عێراق هەوڵی پاراستن و ناساندنی سیاسی خۆیان دەدەن بە ئاگرو ئاسن سەرکوت دەکرێن.

لێرەدا مەبەست ئەوەیە کە حزبی کوردی زادەی ئەم دۆخەن، کە زیاتر حزبی بەرگری نەتەوەیی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازین، جۆرێکە لەدەرنجامی ڕەدکردنەوەی سیاسەتی ناسیونالیستی عەرەبی، واتە لەدەرەوەی سیستم و پرۆسەی هەڵبژاردن هاتوونەتە بوون. بەکورتی چونکە کەشی دیموکراسی و لەدایکبوونی حزبی مەدەنی لە ئارادا نیە، دامەزراوەی مەدەنیش لە ئارادا نیە و پرەنسیپی دامەزراوەیی گەشە ناکات. ئەم جۆرە لە سروشتی دامەزراندنی حزبەکان، کاریگەری قوڵ لەسەر جۆری تێگەشتن و کارکردنیان پەیوەست بە دامەزراوە سیاسیەکان بەجێدەهێڵێت. ئەم کاریگەرییە روونتر دەردەکەوێ کاتێک حزبەکان لە دۆخی ئۆپۆزسیۆنی و دەرەوی سیستەمە سیاسیەکە دێنەوە ناو سیستمەکە و بگرە دەبن بەخاوەن سیستمەکە. سروشتی کارکردنیان بەو شێوە دەبێت کە هەوڵدەدەن سەرچاوەکان و بونیادی دەوڵەتەکە بەکاربهێنن بۆ بەهێزکردنی رێکخستنەکان و بەرژەوەندی حزبی (Gunther and Diamond, 2003; Kopecký, 2011)، چونکە بەرژەوەندی خودی حزبەکە هاوتا دەکرێت لەگەڵ بەرژەوەندی نیشتمانی، وە دواجار ئەم بەرژەوەندیە حزبیە

دەقۆزرێتەوە بۆ بەرژەوەندی کەسی و قوڵتر حزب ڕۆدەچێتە نێو دامەزراوە فەرمییەکان. ئەگەر ئەو پرسیارە بە سادەیی بکرێ بۆچی حزب بەو شیوە مامەڵە دەکات؟ حزبەکانی کە بە ئامانجی ئەتنیکی و تائیفی یان چینایەتییان دامەزراون، بەهیزی و چارەنوسی دەوڵەت و دامەزراواکانی لە بەهێزی خۆیاندا دەبینن و بە پێچەوانەشەوە. لەبەرئەوە سەرچاوەکانی دەوڵەت بەکاردەهێنن بۆ بەهێزی و کۆکردنەوەی زۆرترین هەوادار لەدەوری خۆیان.

لە هەرێمی کوردستان[1]، کاریگەری ئەم جۆرە لە ژینگەی سیاسی و سەرهەڵدانی حزبەکان کاتێک وەدەرکەوتن کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢دامەزرا و دامەزراوەکان و بیرۆکراسیەت بونیادنران، بەڵام بیری دەوڵەتداری و دامەزراوەیی گەشەناکات. هەڵبەت لە عێراقیش هەمان کێشە سەرهەڵدەداتەوە، کاتێک لە دوای ٢٠٠٣ حزبە ئۆپۆزسیۆنەکان دێنەوە ناو سیستم و بەڕێوەبردنی مەدەنی، بەڵام بیرکردنەوەی دەوڵەتداری هێشتا هەر نائامادەیە، چونکە ئامانجەکان لەسەر بنەمای بەرژەوەندی حزبی- تائیفی داڕێژراون نەک نیشتمانی.

لەم پێودانگەوە، ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات شرۆڤەی کاریگەری سروشتی دامەزراندنی حزبەکان بکات لەسەر پرۆسەی دامەزراوەییبوون، بە ئامانجی ئاشکراکردنی پەیوەندی سروشتی دامەزراندنی حزبەکان لەگەل لاوازی پرۆسەی دامەزراوەییبوون. هەرچەند لە توێژینەوەکانی پێشتردا ژمارەیەکی زۆر لە پسپۆڕان بابەتەکانی خۆیان بۆ لێکۆڵینەوە لە جۆر و سیستمی حزبە سیاسیەکان تەرخانکردووە؛ ئەوان شرۆڤەی سیستمە حزبیەکانیان کردووە لە سەر بنەمای جۆری سیستمە حزبیەکان و ئایدۆلۆژیا و ئاستی دابەشبوونیان، یان ئەرکەکانیان ( Gunther and Diamond, 2003; Sartori,1976; laPalombara and Weiner, 1966; Duverger, 1954)، کە لەژێر کاریگەری سیستمە سیاسیەکاندا دەگۆرێت.

دکتۆر صباح مصطفی المصری (٢٠٠٠) لە کتێبی 'النظام الحزبي' دامەزراندنی حزبەکانی دابەشکردووە بە پێی تێگەشتنی بیرمەندانی فەرەنسی و ئەمریکی:-

**یەکەم**. بە پێی تێگەشتنی فەرەنسی کە پشتی بە شیکردنەوەکانی هەردوو بیرمەندی فەرەنسی ماکس وێبەر و مۆریس دۆڤریجە بەستووە، حزبەکانی دابەشکردووە بۆ (١) حزبەکانی کە لە ناوەوە دادەمەزرێن واتە لە نێو پەرلەمان بەهۆی جیاوازی کوتلە و لیژنەکانی پەرلەمانی دامەزراون کە بەشیکی زۆر لە حزبەکانی ئەوروپا دەگرێتەوە؛ (٢) وە ئەو حزبانەی لەدەرەوە دادەمەزرێن لە دەرەوەی پەرلەمان لە ڕێگەی سەندیکاکانی کرێکاری، وەک حزبی کرێکارانی بەریتانیا، گروپەکانی

[1] هەرێمی کوردستان بریتیە لە بەشێک لە ناوچەی کوردنشێنی باکوری عیراق کە لەساڵی ١٩٩١ لەئەنجامی ڕاپەرینێکی سەرتاسەری و پاشان بریاری ٦٨٨ی نەتەوە یەکگرتووەکان ناسراو بە (ناوچەی دژەفڕین) دامەزرا. ئەم بەشەی کوردستان لە عێراق بۆ یەکەمجار پرۆسەی هەڵبژاردنی گشتی لە ساڵی ١٩٩٢تێدا ئەنجامداو بوو بە خاوەن دامەزراوە سیاسیەکان و پەیکەری بیرۆکراسی تایبەت بەخۆی. لە دەستوری ساڵی ٢٠٠٥ ی عیراق، ئەم ناوچەیەی کوردستان لە عێراق وەک هەرێمێکی فیدراڵی دانپێدانراوە. هاوکای بەشەکانی دیکەی کوردستان بە پێی مادەی ١٤٠ دەستور وەک کەرکوک و خانەقین و شنگال ....هتد وەک ناوچەی ناکۆکی لەسەر دانراوە، کە بەپێی میکانیزمێک لە دەستور ئاماژەی بۆکراوە چارەنوسیان بە ڕاپرسی یەکلادەکرێتەوە.

جوتیاران، کەنیسەکان وەک حزبە کاسۆلیکەکان یان دیموکراسی مەسیحی، یان حزبەکانی بەرگری..هتد.

**دووەم**. بەپێی تێگەشتنی ئەمریکی کە پشتی بەستووە بە شرۆڤەکانی بیرمەندانی ئەمریکی لاپالومبارا و وینەر و سامۆئیل هنتینگتۆن؛ دامەزراندنی حزبەکانی دابەشکردووە بۆ سێ تیوری کە بریتیە لە؛ (١) **تیۆری دامەزراوەیی** کە پەیوەندی هەیە بەو حزبانەی لەناو سیستمی پارلەمانی لەدایک دەبن وەک لە پێشتر باسکرا. (٢) **تیۆری قەیرانی مێژوویی** کە تا ئاستێکی زۆر لەگەڵ حزبەکانی جیهانی سێیەم دەگونجێت، لە ئەنجامی قەیرانەکانی ڕەوایی (الشرعیة) وەک ئەو حزبانەی کە دژ بە دیکتاتۆریەت و دەسەڵاتە نارەواکان دادەمەزرێن. قەیرانی بەشداری سیاسی وەک ئەو حزبانەی لە ئەنجامی نەبوونی بەشداری هەڵبژاردن و بەشداری بڕیاری سیاسی دادەمەزرێن. قەیرانی ئاوێزانبوون وەک نەبوونی یەکێتی نیشتمانی و ناکۆکی ئەتنیکی و ئاینی کە بەزۆری ئەو حزبانە دەگرێتەوە کە مۆرکی ئاینی یان ئەتنیکییان هەیە، لە ئەنجامی هەستکردن بە زوڵم و بۆ داکۆکی لەبوونی خۆیان دادەمەزرێن وەک حزبە کوردستانیەکانی هەر چوارپارچەی کوردستان، یاخود نەتەوەکەیان دابەشبوون و داوەی یەکێتی نەتەوەیی دەکەن بۆ نمونە حزبی بەعسی عەرەبی داوەی یەکێتی عەرەبی دەکرد. (٣) **تیۆری گەشەپێدان** کە لەدایکبوونی حزبەکان پەیوەست دەکات بە گۆرانکارییە ئابوری وکۆمەڵایەتیەکان (المصري، ٢٠٠٠: ٤٩-٥٩).

لەلایەکی دی دکتۆر اسامة الغزالي حرب (١٩٨٧) لە کتێبی ' الاحزاب السیاسیة في العالم الثالث ' کە تەرخان کراوە بە ژینگەی دامەزرانی حزبە سیاسیەکان لە وڵاتانی جیهانی سێیەم و ڕۆژهەڵاتی ناوین، دەردەشەی ئەوە دەکات کە حزبەکانی ئەم ناوچانە زیاتر حزبی ئامانجی نەتەوەیی و ئاینین. ئەمەش هەردوو جۆری ئەو حزبانەی لەدەسەڵاتدان کە بەمەبەستی دروستکردنی یەکێتی نەتەوەی (دەوڵەت-نەتەوە) دامەزراوەن، لەگەڵ ئەوانەی لەدەرەوەی دەسەڵاتدان بە ئامانجی جوداخوازی و ئامانجی جیابوونەوە لە دەوڵەت نەتەوە دامەزراون لەخۆدەگرێت. بەڵام ئەم توێژینەوەیەی ئێمە گرنگی بە جۆری پەیوەندی حزبەکان بەرامبەر بە دامەزراوە سیاسیەکان دەدات، کە چۆن ئاستی دەستێوەردانی حزبی لە نێو دامەزراوە سیاسیەکان و بەکارهێنانی سەرچاوەکانی حکومەت بۆ بەرژەوەندی حزبی دەبێتە لەمپەرێکی گەورەی گەشەکردنی ئاستی دامەزراوەیی و سەقامگیری دامەزراوە سیاسیەکان. بەواتایەکی دی ئەم توێژینەوەیە لە بری گرنگیدان بە کاریگەری سیستمە سیاسیەکان لە سەر سروشتی دامەزراندن و کارکردنی حزبەکان، گرنگیدەدات بە کاریگەری سروشت وکارکردنی حزبەکان لەسەر دامەزراوە سیاسیەکان و پرۆسەی دامەزراوەییبوون.

لە کاتێکدا ئاستی دامەزراوەییبوون دەوەستێ لەسەر، بنەماکانی ئاستی سەربەخۆیی دامەزراوەکان (Huntington,1968)، و دەرکردنی حوکمەکان و ڕێکارەکان لەسەر بنەمای یاساو ڕێساکان نەک مەیلی کەسی (وێبەر، ١٩٤٧)، چۆنێتی پەیوەندی حزبەکان لەگەڵ دامەزراوە سیاسیەکان کاریگەری ڕاستەوخۆ دەخاتەسەر دامەزراوەییبوون و گەشەکردنی دامەزراوە سیاسیەکان، بەوپێیەی دەستێوەردانی حزبی دژ بە سەربەخۆیی دامەزراوەکانە و زاڵکردنی مەیلی کەسی و بەرژەوەندی تایبەتییە لەسەر بڕیار و ڕێکارە دەوڵەتییەکان .

شایانی باسە دەستێوەردانی حزبی لە نێو دامەزراوەکان و بەکارهێنانی سەرچاوەکانی دەوڵەت بۆ بەهێزکردنی حزب، بووە بە دیاردەیەکی سەرەکی شکستی دامەزراوەییبوون و پرۆسەی دیموکراسیبوون لە نێو دیموکراسیە نوێکانیشدا (Levitsky and Way, 2002). بگرە لەم ساڵانەی دوواییدا بەشێک لەو ناوچانەش (بۆنمونە تورکیا) کە مێژوویەکیان لە دیموکراسی هەیە، کێشەی دەستێوەردانی حزبی و قۆستنەوەی دەسەڵات بۆ بەهێزکردنی حزبی فەرمانڕەوا کاریگەری زۆری لەسەر لاوازی دامەزراوە سیاسیەکان کردووە، کە لە تەوەرەکانی ئەم توێژینەوەیە باسدەکرێ.

## تەوەری دووەم- پەیوەندی سەرهەڵدانی حزبەکان و پرۆسەی دامەزراوەیبوون

مۆریس دۆڤریجە (١٩٥٤) پێیوایە هەروەک چۆن مرۆڤ کاریگەرە بە ژیانی منداڵی، حزبەکانیش کاریگەرن بە سروشتی دامەزراندنیان. لە کاتێکدا حزب وەک بزوتنەوەیەکی ناسیونالیستی یا ڕزگاریخواز لە دایک دەبێت سروشتی کارکردنی زۆر جیاوازە لە حزبێکی سیاسی کە لە ناو سیستمێکی پارلەمانیدا لە دایک دەبێت، وە دواجار سروشتی پەیوەندییان لەگەڵ دامەزراوە حکومیەکان و مەسەلەی بەڕێوەبردن و بیرۆکراسیەت ڕەنگدەداتەوە. بەکورتی حزبەکانی لەسەر بنەمای کلتوریی، بەرگری لە نەتەوە و ئاین لەدایک دەبن خاوەن ئامانجی بچوکترن و هەوادارەکانیان و گوتارەکانیان لەسەر بنەمای ئەتنیکی بەگەڕدەخەن، هاوکات پەروەردەی سیاسیشیان هەربەو ئاڕاستە کاردەکات (Gunther and Diamond, 2003)، لە کاتیکدا حزبەکانی لە نێو سیستمی سیاسی و کۆمەڵگای دیموکراسیدا لە دایک دەبن زیاتر ئیش لەسەر سیاسەتی گشتی و خزمەتگوزاری دەکەن، واتە چاکەی گشتی و بەهێزکردنی پایەکانی دەوڵەت لەسەروو هەموو بەرژەوەندییەکە بەوشێوەی لە وولاتانی ڕۆژئاوا پەیرەودەکرێ.

هەر لەم ڕوانگەوە دەکرێ بەراوردی سروشتی کارو چالاکی حزبەکانی دەوڵەتانی پێشکەوتووی ڕۆژئاوا، کە لە نێو سیستمی پەرلەمانی و دیموکراسیدا گەشەیانکردووە لەگەڵ حزبەکانی ناوچە تازەگەشەکردووەکان و ڕۆژهەڵاتی ناوین لە زۆر بواردا بکرێت. حزبەکانی وولاتانی ڕۆژئاوا بە زۆری جودا دەکرێنەوە بە باکگراوندی ئایدۆلۆژییان وەک لیبراڵیزم، کۆنسەرڤاتیڤ، کۆمۆنیزم، ژینگەپارێز، یاخود چەپەکان، ڕاستەکان....هتد، ئەم جیاوازی ئایدۆلۆژییە زەمینەیەکی فراوانی دروستکردووە بۆ کێبڕکێ لە چوارچێوەیەکی دیموکراسیدا (Müller, 2016). لە کاتێکدا حزبەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین زیاتر پەیوەستن بە ململانێ و داکۆکی لەسەر شوناسی وەک نەتەوە و ئاین کە کێبەرکێ هەمیشە توندە و بارگاوییە بە توندوتیژی (Haddad, 2017). هەروەها لە ڕۆژئاوا زەمینەی دیموکراسی ریگەی داوە کە حزبەکان بتوانن نوێنەرایەتی ئایدۆلۆژیا و بەرژەوەندی گروپە جیاوازەکان بکەن، ئەمەش زەمینەی بەشداری و دیسکۆرسی سیاسی فراوانتر کردووە ( Webb, 2017)، بەڵام لە ڕۆژهەڵاتی ناوین ڕژێمەکان ڕێگە  بە حزبەکان نادەن نوێنەرایەتی گروپەکانیان بکەن و کێبڕکێ بکەن، ئەمەش دابەشبوونی کۆمەڵایەتی فراوانتر کردووەو بەشداری سیاسی لاوازە (Heydemann, 2013).

لەلایەکی دیکەوە، دیموکراسی ناوخۆیی لە نێو حزبەکان و هەڵبژاردن و دەستاودەستی دەسەڵات لەناو حزبەکانی ڕۆژئاوا کاریگەری خۆشکردووە بۆ هەبوونی شەفافیەت و بەشداری

سیاسی ئەندامان لە دارایی و بڕیاری سیاسی حزبەکان ( Cross& Katz, 2018)، بە پێچەوانەوە لە وڵاتانی تازەگەشەکردوو، حزبەکان بە زۆری لەلایەن کەسانێک سەرکردایەتی دەکرێن و جۆرێک لە خاوەنداریێتی بنەماڵە، یا عەشیرەت و ئاینزا هەیە کە بونیادێکی ڕێکخراوەیی هیراریکی دروستکردووە کە دەسەڵات لەدەستی کەمینەیەک کۆکراوەتەوە و ناشەفافی دروستکردووە (-Lust Okar, 2014). سەرۆک ڕۆڵێکی گەورە دەگێرێت لە نێو حزبەکانی وڵاتانی تازەگەشەکردوو کە زیاتر بڕیارەکان ناوەندین و کەمتر گرنگی بە سەرکردایەتی بە کۆمەڵ دەدرێت، ئەمەش کاریگەری هەیە لە سەر ئاستی دامەزراوەیی ناوخۆیی حزبەکان. واتە دیدی کەسی ڕۆڵی گەورە دەگێرێت نەک یاساو ڕێساکان، هەربۆیە پەیڕەو و پرۆگرامی ناوخۆیی بەردەوام پێشیل دەکرێت. بەمانایەکی دیکە حزبەکانی وڵاتانی تازەگەشەکردوو بۆخۆیان لەڕووی دامەزراوەییەوە کێشەی گەورەیان هەیە؛ زۆربەی بڕیارو حوکمەکان هەروەها ڕێوشوینەکانی کارکردن بە بڕیارو مەیلی کەسی بەڕێوەدەبرێن، بۆیە کاتێک کە دێنە نێو دەسەڵات وحکومڕانیش هەر کاریگەرن بەم جۆرە لە میتۆدی کارکردن.

تێگەشتن لەم جیاوازیانە بنەڕەتیە بۆ هەڵسەنگاندن و تێگەشتن لە ڕۆڵ و دیدی حزبەکان بەرامبەر بە دامەزراوە سیاسیەکان و بیرۆکراسی. بەکورتی ڕۆژئاوا بەوە دەناسرێتەوە کە دامەزراوە سیاسیەکان و پەیکەری بیرۆکراسی تا ئاستێکی باڵا سەربەخۆن و ململانێکان بارگاوی نین بە توندوتیژی، لەبەرئەوە سەقامگیری سیاسی هاندەر دەبێت بۆ گەشەکردنی ئاستی دامەزراوەیی و سەربەخۆی دامەزراوەکان. بەڵام لە دەوڵەتانی تازە گەشەکردوو، دەستێوەردان و بەکارهێنانی سەرچاوەکانی دەوڵەت بۆ بەرژەوەندی حزبی، یاخود کەسی و بنەماڵەیی وایکردووە ناسەقامگیری و گەندەڵی گەشەبکات و دامەزراوەکانی دەوڵەت لە ئاستێکی لاوازدا بن. لەکاتێکدا بۆ هەڵسەنگاندنی هەر سیستمێکی سیاسی گرنگ فۆرمی سیستمەکە نیە، بەڵکو ئاستی دامەزراوییەتی ( Huntington, 1968).

بۆ زیاتر شیکردنەوەی کاریگەری دامەزراندن و کاری حزبەکان لەسەر پرۆسەی دامەزراوەییبوون، دەکرێ سروشتی دامەزراندنی حزبەکان و کاریگەریان لەسەر دامەزراوەکان بۆ سێ جۆر جودابکرێنەوە:-

١- حزبەکانی کە لە دوای دامەزراوەکانی دەوڵەت دادەمەزرێن/ ئەمە پەیوەستە بەو ناوچانەی کە حزبەکان لە هەناوی دەوڵەت وسیستمی سیاسی لە دایک دەبن و ملکەچی یاساو دامەزراوەکانن. واتە دەوڵەتەکە بەرلە دامەزراندنی حزبەکان خاوەن دامەزراوە و بیرۆکراسیەتی خۆیەتی و حزبەکان دەبن بە بەشێک لە پاڵپشتی دامەزراوە سیاسیەکان و پێشخستنی دیموکراسی. ئەم جۆرە لە پەیوەندی پەیوەستە بە وولاتانی پێشکەوتوو، ئەوانەی کە پێش دامەزراندنی حزبەکان، خاوەن سەروەری و دامەزراوەی سیاسی بوون، بەڵام بەهۆی پیادەکردنی ڕەوایی و خواستی هەڵبژاردن، یان جیاوازی تەوژم و ئایدۆلۆژیاکان حزبەکان لەدایک دەبن، کە بە شێوەیەکی گشتی چوار ئەرک بەجێدەگەیەنن؛ ١ پێگەیاندنی سیاسی(پێشکەشکردنی پاڵێوراو بۆ هەڵبژاردن و دەزگاکان)، ٢ بەگەرخستن و مۆبیلەزەکردنی جەماوەر(دەنگدەر)، ٣ هاوکاری و پاڵپشتی حکومڕانی (وەرگرتنی دەسەڵات)، و ٤ چاودێری دەسەڵات (ئۆپۆزسیۆن).

حزبەکانی کە توانیان دەسەڵاتی سیاسی بەدەستبێنێنن ئیدی قورسایی سەرەکییان دەخەنە سەر سەرکەوتنی حکومەت و پەیرەوکردنی سیاسەتی گشتی، بەو شێوەی مەیلی دەنگدەران بۆ حزبەکانیان مسۆگەر بکەن. بنەمای راکێشانی مەیلی دەنگدەر لەسەر باشی سیاسەتی گشتی و دەستکەوتەکان دەوەستێ نەک چالاکی حزبی و پاداشتی هەواداران. لێرەدا ئەرکی دامەزراوەکان لەئاستیکی باڵادان و لە پێناوی بەرژەوەندی گشتی حوکمەکان دەردەکرێن. حزبەکان دەکرێ دەسەڵات پیادە بکەن، یان ببن بە ئۆپۆزسیۆن، بەڵام هیچ کات مافی بەکارهێنانی دامەزراوەکانیان بۆ بەرژەوەندی و پاداشتی حزبی نیە. لە ئەنجامی پرۆسەی هەڵبژاردن، حزبەکانی براوە کابینەی حکومەت دادەمەزرێنن و ئەوانی دی دەبن بە ئۆپۆزسیۆن، بەڵام پەیکەری بیرۆکراسیەت و دامەزراوە کارگێرییەکان، دادگاکان، سەرباز و دەزگا ئەمنیەکان، راگەیاندن و رێکخراوە مەدەنییەکان سەربەخۆیی خۆیان هەیە و حزب دەستێوەردان ناکات، لەبەرئەوە سیستمی سیاسی و بیرۆکراسیەت لە دۆخی سەقامگیردان.

٢- حزبەکانی کە هاوتەریب لەگەڵ حکومەت و دامەزراوە سیاسیەکان دادەمەزرێن/ ئەو حزبانەی کە لە چوارچێوەی کاریگەری شۆرشی پرۆلیتارو ئایدۆلۆژیای چەپدا لەدایک بوون. ئەمانیش دیدی جیاوازیان بۆ حکومەت و ژیانی دامەزراوەیی هەیە کە لە ڕووکەشدا پەیوەستە بە بەرژەوەندی پرۆلیتاریا و دەوڵەت، بەڵام لە پراکتیکدا پەیوەستە بە بەرژەوەندی گروپی دەسەڵات. سیستمە سۆشیالیستیەکان و هەموو ئەو شوێنانەی دیکە کە تاک و حزب دەسەڵاتی پاوانکردووە دەگرێتەوە. حزبەکان هاوتەریب لەگەڵ سیستمە سیاسیەکە لەدایک دەبن. یەکێتی سۆڤیەت و وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵاتی جاران، چین و کوبا و کۆریای باکوری ئەمڕۆ نمونەی ئەم شێوازەن لە پەیوەندی حزب و حکومەت. سیستمی تاک حزبی دێتەئارا، بەوپێیەی حزبەکان نوێنەرایەتی چینە جیاوازەکان دەکەن، بەڵام لە حوکمی سۆشیالیستیدا، لەبەرئەوەی جیاوازی چینایەتی نامێنێ و تەنها یەک چین کە بریتیە لە چینی کرێکار و جوتیار و ڕۆشنبیر دەمێنن پێویستە یەک حزبیش هەبێت کە دەبێتە حزبی پێشڕەوی ئەم چینە، کە بریتیە لە حزبی شیوعی و پیادەی دیکتاتۆری پرۆلیتاریا دەکات دژ بە چینەکانی دیکە (الکاظم و العاني،١٢٦:١٩٩٠).

تاک حزب، تەواوی دامەزراوە سیاسیەکان، پەروەردە و راگەیاندن بۆ بەرژەوەندی خۆی و گرووپی دەسەڵات دەقۆزیتەوە. پێشکەوتنی حکومەت لە پێشکەوتنی حزب دەبینێ و بەردەوام کار دەکا بۆئەوەی حکومەت خزمەت بە پرۆگرام و پرەنسیپەکانی حزب بکات، کە بریتیە لە بونیادنانی ڕژێمێکی سۆشیالیستی. لیرەدا پەیوەندیەکانی حزب و حکومەت تەواو تیکەڵن و سەرۆکی حزب و سەرکردایەتی ڕۆڵی بنەڕەتی دەبینن کە هاوکات سەرۆکایەتی دەوڵەت و دەسەڵاتی باڵای حکومەت پێکدێنن (Gunther and Diamond, 2003)، هەربۆیە ئەم جۆرە سیستمە بە سیستمی حزبی دەوڵەت ناودەبرێ (Sartory, 1976: 43). حزب دەستێوەردانەکان و کاریگەرییەکانی لەسەر دامەزراوە و ئۆرگانەکان و ڕێکارەکان بە شتێکی هەڵە نازانێ، بەڵکو بە پێداویستیەکی ڕەوای دەزانێ، بەوپێیەی خۆی بە دەربڕی ویست و ئیرادەی گەل دەزانێ.

دەستوری وڵات جەخت لەسەر تاکێتی حزب و ڕۆڵی گشتگیری دەکات (الکاظم و العاني،١٩٩٠: ١٢٨). دەوڵەت و دامەزراوەکانی حکومەت بەکاردەهێنرێ بۆ سەرکوتکردن و رێگرتن لە دامەزراندنی

حزبی نوێ و ئۆپۆزسیۆن و دەنگی جیاواز. تەنانەت لەسەر کاغەزیش ڕێگە بە کێبڕکێی سیاسی و هەڵبژاردن نادرێ (Levitsky and Way, 2002). حزب خاوەن کۆمەڵیک پرەنسیپ و ئایدۆلۆژیای خۆیەتی و کاردەکات بۆ ئەوەی دامەزراوەکان لە هەمان چوارچێوەدا سیاسەتەکانیان دابڕیژن.

بەرهەمی ئەم جۆرە لە تێکەڵکردنی حزب و دامەزراوە سیاسیەکان و بەکارهێنانی سەرچاوەکانی دەوڵەت بۆ حزب، دەبێتەهۆی لاوازی دامەزراوەکان و دوواجار لاوازی دەوڵەت.

٣- حزبەکانی کە بەر لە حکومەت و دامەزراوەکان دادەمەزرێن/ لەم جۆرەدا چونکە حزب پێش دامەزراوەکانی حکومەت و دەوڵەت لەدایک بووە، کاتێک دامەزراوە حکومیەکان دادەمەزرێن، حزب خۆی بە خاوەنی دەزانێ. واتە ئەوە حزب نیە لە هەناوی سیستمی سیاسی و حوکمڕانیدا لەدایک دەبێ، بەڵکو حکومەتە لە هەناوی حزب لە دایک دەبێ. ئەمجۆرە لە حزبەکان پێیدەوترێ "حزبی دامەزرێنەر" (الكاظم و العاني،١٩٩٠: ١١٦)، بەواتای حزبەکان سیستمی سیاسی و دامەزراوەکان دادەمەزرێنن، لەبەرئەوە تەنانەت یاساو بیرۆکراسیەت و ریکخراوە ناحکومیەکانیش دەکەونە ژێرکاریگەری بەرژەوەندی حزب. ئەم جۆرە دەچەسپێ لەسەر هەموو ئەو حزبانەش کە رژێمێک دەروخێنن و رژێمێکی سیاسی نوێ دادەمەزرێنن.

ئەم جۆرە لە حزبەکان تایبەتمەندی خۆیان هەیە، مۆریس دۆڤریجە (١٩٥٤) پێیوایە حزبەکانی کە لە دەرەوەی هەڵبژاردن و کوتلەی پەرلەمانی لەدایک بوون، مەرکەزیەت تیایاندا بەهێزترە، ئۆرگانەکانی توندتر پەیوەستن پێکەوە. بڕیارەکان لەسەرەوە دێنە خوارەوە نەک بە پێچەوانەوە. لە ڕووی ئامانجەوە جگە لە بەشداری و بردنەوەی هەڵبژاردن و ئامانجی دیکەی سیاسیان هەیە، کە هەڵبژاردن وەک ئامرازێک دەبینن بۆ بەدەستهێنانی ئەو ئامانجانە. لەبەرامبەردا حزبەکانی دیکەی سیستمی پەرلەمانی، ئامانجی بردنەوەی هەڵبژاردن ئامانجی لەپێشینەیانە. حزب بە تایبەت کە بارگاویە بە بزوتنەوەی ناسیونالیستی و شۆڕشگێری، لەو کاتەی کە دەسەڵات دەگرنە دەست هەوڵدەدەن کارو چالاکیەکانی حکومەت بخەنە خزمەت سیاسەت و پرەنسیپەکانی خۆیان. تەنانەت هەوڵدەدەن هەموو کارمەندو پلە بچوکەکانیش لەئەندامان و هەوادارانی خۆیان بن، بەمەبەستی ئەوەی زۆرترین ئەندام بۆخۆیان راکێشن، هەربۆیە تەزکیەی حزبی دەبێتە دیاردەیەکی باو.

لە ڕووی سیستمی سیاسی سەردەمەوە، "دەسەڵاتگەرای کێبڕکێکەر" ( Levitsky and Way, 2002)، دەقاودەق بەسەر ئەم شیوازەدا دەگونجێ، بەو پێیەی ڕێگە بە فرە حزبی و کێبڕکێی سیاسی دەدرێ، بەڵام کێبڕکێیەکی نادادپەروەر هەیە و تائاستێک ڕەگەزەکانی دەسەڵاتگەرایی ئامادەییان هەیە. هەرئەم تایبەتمەندییەشە کە ئەم جۆرە لە سیستمی حزبی لە چەمکی حزبی سەرکردە (حزب القائد) جودا دەکاتەوە (لە کاتێکدا لە سیستمی حزبی سەرکردە، ڕێگە بە حزبی کاریگەری نەیار، ئازادی ڕۆژنامەگەری، هەڵبژاردنی دیموکراسی نادرێت. بۆ نمونە حزبی نیشتمانی دیموکراسی لە میسری پێشوو یان حزبی بەعسی عەرەبی لە عێراق، سەرباری ئەوەی بەناو ڕێگەیان بە فرەحزبی دابوو، کەچی هەموو سێکتەرەکانی ئازادی ڕادەربڕین و بەشداری سیاسیان کۆنترۆڵکردبوو).

عێراقی ئەمرۆ و هەرێمی کوردستان دوو نمونەی زیندووی ئەم شیوازە لە پەیوەندی حزب و حکومەت پێکدێنن. هەربۆیە ئەگەر تەماشای هەرێمی کوردستان لە رووی دامەزراوەییەوە بکرێ بە

ئاسانی ئەوە دەبینرێ کە سیستمی سیاسی و دامەزراوەیی لەهەمان بازنە و دۆخی چەقبەستوویدا دەسورێتەوە. ئەم پەیوەندیە هەروا سادە نیە، چونکە کاریگەری تەواوی هەیە لە سەر پەروەردەی سیاسی حزبەکان و ئەندامەکانی. چەقی کارەکان زیاتر بۆ بەرزکردنەوەی حزب و پیگەیاندنی کادری حزبیە وەک لەوەی بۆ گەشەی دەوڵەتی دامەزراوەیی بێت. ڕەنگە کوردستان تایبەتمەندییەکی هەبێ کە لە هیچ ئەزموونێکی دیکەدا بوونی نیە ئەویش ئەوەیە کە لە هەرێمی کوردستان لە بری یەک حزب دوو حزب لەسەر هەمان ڕیتم ململانێ دەکەن ئەمەش دۆخەکەی تەواو سەختکردووە و کۆمەڵگای کوردستانی دوو پارچەکردووە. لەکاتێکدا زۆر قورسە دامەزراوەکان لە نێو کۆمەڵگایەکی هەژاری دابەشبووی سیاسیدا گەشەبکەن (Fukuyama, 2014).

ڕەنگە تا ئاستێکی زۆر لێکچوون و تێکهەڵکێش لە نێوان هەردوو جۆری دووەم و سێیەم پەیوەست بە بەکارهێنانی سەرچاوەکانی دەوڵەت بۆ بەرژەوەندی و بەهێزکردنی حزب هەبێت، بەڵام لە بواری تەشەنەسەندنی گەندەڵیدا، جۆری سێیەم تا ئاستێکی زۆر لە جۆری دووەم خراپترە، چونکە لە جۆری دووەمدا زۆر جار حزب دەبێتە چاودێر لەسەر دامەزراوەکانی حکومەت، هەروەک لە چین حزبی کۆمۆنیست ئەو ڕۆڵە دەبینێ. هەروەها لە رووی پۆستەکانی حکومەتەوە هەوڵدەدرێ ڕەچاوی خەڵکانی شارەزاو تەکنۆکرات بکرێت (Ezrow and Frantz, 2013). هاوکات دەسەڵاتی دادوەری تا ئاستێکی باش سەربەخۆن و لەرووی بیرۆکراسی و دامەزراوە ئیدارییەکان تا ئاستێک گەشەکردن ڕوودەدات.

بە پێچەوانەوە لە جۆری سێیەم لاوازی دامەزراوەکان و تەشەنەکردنی گەندەڵی بەرەنجامێکی حەتمیە. بەوهۆیەی کێبڕکێی سیاسی وهەڵبژاردن لەئارادایە، حزب بۆ ڕاگرتنی جەماوەرەکەی نەک چاوپۆشی لە کەمتەرخەمی و گەندەڵی بەرپرسەکانی دەکات، بگرە بەرگریشی لێدەکات. لەم نێوەندەدا چەندین گروپی بەرژەوەندی کەسیی لە نێوان بەرپرسەکانی حکومەت و حزب دروست دەبن کە پایەو بەرژەوەندی یەکتر دەپارێزن. خەڵکانی تەکنۆکرات و شارەزاکان پەراوێز دەخرێن، چونکە ئەندامی حزب نین. بۆئەوەی حزب بەهێز بێت، پێویستە دەوڵەت و دامەزراوەکان لاواز بن. بە پێچەوانەوە لە جۆری دووەم، هەوڵدەدرێ دەوڵەت بەهێز و کاریگەر بێت، دامەزراوە سیاسی و کارگێڕییەکان دەکرێ گەشەبکەن و بە تێپەربوونی قۆناغەکان دەسەڵاتی سیاسی خۆیان بگونجێنن.

مەترسی جۆری سییەم لەوەدایە دامەزراوە حکومیەکان ئازادی کارو چالاکی لەدەستدەدەن و توانای گەشەکردنیان سنوردار دەبێت. بۆنمونە ئەوە پارلەمان نیە یاسا بۆ حزب دادەنێ، بەڵکو حزب یاسا بۆ پەرلەمان دادەنێ. لەبەرئەوە حزب خۆی بە باوکی دامەزراوە سیاسەکان دەزانێ (ساڵح،٢٠١٠). کادرانی حزبەکان خۆیان زۆر لە فەرمانگە حکومییەکان بەگەورەتر دەزانن و چاوەرێی ئەوە دەکەن بەرپرسە کارگێڕییەکان لە ژێر فەرمانی ئەوان هەڵسوکەوت بکەن. ئەو کاتەی بەرپرسێکی حزبی نایەوێ پابەند بە یاساو ڕێساکانی حکومەت بێت، پرسەکە هەرئەوە نیە کە ئەو بە سروشتی خۆی یاسا پێشێڵ دەکات، بەڵکو بڕوای وایە کە ئەو گەورەترە و حکومەت توانای سزادانی ئەوی نیە. نەک هەر لەسەر ئاستی تاک، زۆرجار لەوانەیە بڕیارێکی حکومی بۆ ڕێکخستنی بوارێک ڕابگیرێت، ئەگەر بزانرێ کاریگەری دەکاتەسەر جەماوەری ئەو حزبە. بۆ نمونە زۆرجار لە هەرێمی

کوردستان یاساکانی پەیوەست بە هاتوچۆ فەرامۆش دەکرێن بە بیانووی ئەوەی خەڵک تورە نەبن، یاخود ئەوانەی کە لەسەر موڵکی گشتی، زەوی کشتوکاڵی خانوو و باخیان دروستکردووە دەستکاری ناکرێن، چونکە زۆرینەیان سەر بە حزبەکانن. لە کاتیکدا بەرژەوەندی گشتی ئەوە دەخوازێ یاساو ڕێسا جێبەجی بکرێن. ئەمەش ئەوپەڕی رادەی ناسەربەخۆیی دامەزراوەکان دەگەیەنێ، چونکە حوکمەکان و ڕێوشوێنەکان نابێت بکەونە ژێر کاریگەری هیچ هێزێک. هەربۆیە تاکو دامەزراوە حکومییەکان لەژێر کاریگەری ئۆرگانەکانی حزب و هێزە کۆمەڵایەتیەکانی دیکە ڕزگار نەکرێن ناتوانرێ سەربەخۆ بن و بەمەش دامەزراوەیی بوون لە ئاستێکی لاوازدا دەمێنێتەوە.

## تەوەری سێیەم- هەڵسەنگاندنی کاریگەری دەستێوەردانی حزبی لەسەر شیانی دامەزراوەیی هەرێمی کوردستان

لە هەر شوێنێک حزب یان هەر هێزێکی دیکەی کۆمەڵایەتی لە دەوڵەت گەورتر بێ، دەوڵەت توشی سستی و لە پەلوپۆکەوتن دەبێت. هەروەک ئەوەی ئێستا لە کورستان و عێراق لە ئارادایە، کە دامەزراوە فەرمییەکان تەنانەت ناتوانن ڕێگە لەو لایەنانە بگرن کە دەستیان بەسەر بانک و دەروازە سنورییەکاندا گرتووە. لە راستیدا لە ژینگەیەکی لەم شیوەدا خودی دەوڵەتەکە لە ژێر پرسیاردایە، چونکە توانای بەکارهێنانی هێزی نیە. هێز بەو مانایەی کە دەوڵەت خاوەن مۆنۆپۆڵی شەرعی بەکارهێنانی هێزە لە نێو سنورەکەی (وێبەر، ١٩٤٧). ئەو دەوڵەت و یەکە سیاسیانەی کە ناسراون بە شکستخواردوو (الدولة الفاشلة/ Failed State)، لە راستیدا هیچ نین جگە لەوەی لەڕووی دامەزراوەییەوە شکستیانخواردووە، یان بە درێژای دروستبوونیان نەیانتوانیوە گەشە بە ئاستی دامەزراوەییان بدەن (Ezrow and Frantz, 2013). هەرچەندە لەساڵی ١٩٩٢ کوردستان بووە بە خاوەن دامەزراوە سیاسیەکان، بەڵام لە رووی دامەزراوەییەوە هێشتا لە ئاستێکی نزمدایە. دیدی حزب بۆ دامەزراوەکان بە شێوەیەکە کە هەموو شت بە پێوەری بەرژەوەندی حزب دەپێورێت.

بەشێکی زۆر لە دامودەزگا و شوێنە حکومیەکانی هەرێمی کوردستان تا ئێستاش لە ژێر هەیمەنە و کاریگەری راستەوخۆی حزبە گەورەکاندایە. حزبەکان خاوەن هێزی چەکدارن کە دەتوانن هەرکات بیانەوێت تەواوی دامەزراوە سیاسیەکان ڕاگرن. داهات و سەرچاوەکانی داهات روون نیە و یاسای بودجە لە ئارادا نیە، واتە داهات و خەرجی کە یەک لە بنەما بنەرەتییەکانی حکومرانیە ڕوون نین. دیاردەی گەندەڵی و خزم خزمێنە شتێکی باوە، حزبەکان ململانێ دەکەن لەسەر بەدەستهێنانی داهاتی زۆرتر لە هەموو بوارەکانی داهاتی نەوت، باجی گومرگی سنورەکان، وەرگرتنی بەرتیل لە بازرگانەکانی دەرەوەکان (هیلتەرمان، ٢٠٢٣). بەشێکی زۆر لە دامەزراوە سیاسی و کارگێرییەکان لەژێر کاریگەری حزبدا بڕیارەکان دەردەکەن، دەستێوەردانێکی زۆر لە کاروباری حکومەتدا هەیە و یاساو رێنماییەکان پێشێلدەکرێن. ئەم دەستێوەردانانە لە رووی ئابوورییەوە کاریگەری تەواوی هەیە لەسەر بارودۆخ و ژیانی هاوڵاتیان، بە شێوەیەک تا ئاستێکی زۆر ئابوری کوردستان لەژێر کۆنترۆڵی حزبەکاندایە زۆربەی زۆری بازرگانیە گەورەکان و پڕۆژەکانی کە داهاتیان زۆرە راستەوخۆ یا

ناراستەوخۆ لەژێر دەسەڵاتی حزب، یان کەسانی سەربەحزبدان، سەرباری ئەوەی بەشێکی زۆر لە موڵکی گشتی راستەوخۆ لەسەر حزبەکان تۆمارکراون. ئەمەش بووەبەهۆی گەشەنەکردنی کەرتی ئابوری گشتی و لاوازکردنی کەرتی تایبەتیش.

هەموو ئەم هەڵسوکەوت و دەستێوەردانانەی حزب یەک شرۆڤە لەخۆدەگرێت ئەویش ئەوەیە کە حزبەکان خۆیان بە خاوەنداری دامەزراوەکان دەزانن، واتە وەک موڵکێتی تایبەت سەیری دەکەن، لەبەرئەوە حزبەکان سەرچاوەکانی حکومەت بەکاردەهێنن بۆ ڕازیکردنی ئەندامەکانیان و ڕاکێشانی خەڵک بەلای خۆیاندا. هەربۆیە زۆرترین خەڵک لە کەرتی گشتی دامەزرێنراون وزۆرترین ڕێژەی بودجەی گشتی بۆ موچەی فەرمانبەران و خانەنشینان تەرخاندەکرێت کە ژمارەیان بریتیە لە (١،١١٤،٣٤٥) موچەخۆر[٢]. لە ساڵی ٢٠٠٨-٢٠١٣ موچەی فەرمانبەران ٥٠٠٪ زیادکراوە وە لە ٧٥٪ بودجەی هەرێم بۆ موچە دەڕوات (Bali and Zarea, 2018:258). ئەم ڕێژە زۆر زیاتر بووە لەو کاتەوەی هەرێم لە ساڵی ٢٠١٤ەوە توشی قەیرانی دارایی بووە، داهاتەکەی تەنها بەشی موچە ناکات. بەپێی دووایین بڵاوکراوەی سەرچاوە فەرمییەکانی حکومەت، هەرێم مانگانە پێویستی بە نزیکەی ٩١٤ ملیار دیناری عیراقیە بۆ دابینکردنی موچەی فەرمانبەران و خانەنشینان[٣].

جگە لەم بوارانە دامودەزگاکانی حکومەت بۆ سودی کاری حزبی بەکاردەهێنرێت، فەرمانبەران هاندەدرێن یاخود ناچاردەکرێن فۆرمی حزبی پڕبکەنەوە و بەشداری چالاکییەکانی حزب بکەن[٤]، لە کاتێکدا دەزگاکانی حکومەت شوێنی فەرمی و دەوڵەتین نابێت ببن بە شوێنی کاروباری حزبی.

بۆئەوەی کاریگەری ئەم جۆرە لە پەیوەندی حزب و حکومەت لەسەر کارایی دامەزراوەکان هەڵسەنگێندرێ، یاخود ئاستی شیانی دامەزراوە سیاسیەکان و بیرۆکراسیەت لە کوردستان هەڵسەنگێندرێ، باشترە پێوەرەکانی دامەزراوەییبوونی هنتنگتۆن زیاتر شرۆڤەبکرێ؛ ساموئیل هنتنگتۆن (١٩٦٥) چوار مەرج بۆ ئاستی دامەزراوەییبوون یان شیانی بە دامەزراوەییبوونی هەر سیستمێکی سیاسی دەخاتەڕوو:

١- سەربەخۆیی ( autonomy). یەک لە هەرە پێوەرە گرنگەکانی دامەزراوەییبون بریتیە لە سەربەخۆبوون، بە واتای ڕێگەنەدان بە تیکەڵبوونی کاری دامەزراوەکان و دەستێوەردانی دەرەوە؛ ڕێگەگرتن لە دەستوەردانی سیاسی و کاریگەری هێزە کۆمەڵایەتیەکان لەناو دامەزراوە فەرمیەکان.

[٢] لە ویبسایتی "درەو میدیا" وەرگیراوە کە بریتیە لە ڕاپۆرتی موچەخۆرانی هەرێمی کوردستان کە پێشکەش بە لیژنەی دارای پەرلەمانی عێراق کراوە. سەرچاوە https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=13445 (وەرگیراوە لە ٢٠٢٣/١٠/٢١)

[٣] هەمان سەرچاوە.

[٤] بە پێی ڕاپۆرتێکی بنکوڵکاری کە لەلایەن 'ڕێکخراوی ئاران بۆ پەرەپێدانی کولتووری مەدەنی' بەهاوکاری سنوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی- ئەمریکی ئەنجامدراوە و ١٠٢٦ فەرمانبەری شارەکانی هەرێمی کوردستان بەشدارییان کردووە، و لە پێگەی مەودا میدیا بە ناونیشانی 'دەستێوەردانی حزبی لە لە کاروباری فەرمانبەراندا بەردەوامی هەیە' بڵاوکراوەتەوە، لە ٨٤٪ بەشداران ئاماژەیانکردووە کە فۆرمی ناچارییان پڕکردووەتەوە. سەرچاوە: https://mewdamedia.com/articles/31121 (وەرگیراوە لە ٢٠٢٣/٧/١).

ئەمەش دەوەستێت لەسەر ئاستی گەشەکردوویی سیستمی سیاسی، تا سیستمی سیاسی لاواز بێت دەستێوەردان لە کاروباری حکومەت زۆرتر دەبێ. هەروەها سەربەخۆیی ئاماژەیە بۆ چۆنێتی پەیوەندی و دەستوەردانی ڕێکخراوە کۆمەڵایەتیەکانی وەک خزم و عەشیرەت و مزگەوت و کەسەکان، هەروەها کاریگەری سەرباز و پارە و بەرتیل لەسەر ڕێکارەکان و دامەزراوەکان سەربەخۆیی دەخاتە ژێر پرسیارەوە. تا چەند دامەزراوەکانی حکومەت لە بەرژەوەندی گروپێکی تایبەت کاردەکەن.

سەروەری و سەربەخۆیی دادگا و حاکمەکان بوارێکی زۆر گرنگن بۆ دەربڕینی دامەزراوەیی، ئەستەمە هیچ کیانێکی سیاسی بتوانێ دادپەروەری جێبەجێبکات ئەگەر دەسەڵاتێکی دادوەری سەربەخۆ و کارای نەبێ. لە کوردستان، سەربەخۆیی ئەم دامەزراوەیە لاوازە، ئەمەش بۆخۆی لاسەنگیەکی گەورەیە لە ژیانی بە دامەزراوەیکردنی هەرێمی کوردستاندا[٥]. لە بچوکترین هەنگاودا ناتوانرێ کۆمەڵگایەکی ئارام و تەندروست بونیاد بنرێ، ئەگەر سەروەری یاسا و یەکسانی لەبەردەم یاسا لەئارادا نەبێت.

دۆخی پەرلەمانی کوردستان وەک دامەزراوەیەکی سیاسی ڕەنگە دەربڕێکی باش بێت بۆ گوزارشتکردن لە کاریگەری ناسەربەخۆیی دەزگایەک. لە ڕووی یاساییەوە کوردستان بە سیستمی پارلەمانی ناسێندراوە، بەڵام دەستێوەردانی حزب ڕۆڵی ئەم دەزگایەی وا پەراوێزخستووە کە بووە بە دەزگایەکی ناکاریگەر. بەهۆی ناکۆکی حزبەکان، کەمجار هەڵبژاردن لە وادەی خۆی ئەنجامدراوە و سێ جار لە خولەکانی یەکەم، چوارەم و پێنجەم، پەرلەمان تەمەنی خۆی بە نایاسایی درێژکردووەتەوە. هەروەها لە ساڵی ٢٠١٥ بە هۆی ناکۆکی نێوان حزبەکان و نەگەشتن بە ڕێکەوتن لەبارەی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم، ئەم دەزگایە لەکارکردن ڕاگیرا[٦].

دەبوو تا ئیستا هەشت جار هەڵبژاردنی گشتی بۆ پەرلەمان کرابا، کەچی تەنها پێنج جار هەڵبژاردن کراوە و ئێستا کوردستان بێ پەرلەمانە و لە بۆشایی دەستوری و شەرعیدایە (کاوانی، ٢٠٢٣). لە کاتێکدا دەبوو هەڵبژاردن بۆ خولی شەشەمی پەرلەمان لە ٢٠٢٢/١٠/١ ئەنجامدرابا، بەهۆی ناکۆکی حزبەکان و کاریگەرییان لەسەر کارەکانی پەرلەمان نەتوانرا یاسای هەڵبژاردن هەمواربکرێ و هەڵبژاردن ئەنجامنەدرا، بەمەش پەرلەمان شەرعیەتی بەردەوامی لەدەستدا[٧].

---

[٥] بۆئەم مەبەستە دەکرێ سەیری راپۆرتێکی نازەنین گۆران لە پێگەی رووداو بەناونیشانی 'سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان: کێشەمان لەگەڵ دەسەڵاتی دادوەری و جێبەجێکردندا هەیە' بکرێت، کە باس لەوەدەکەن کە دەسەڵاتی دادوەری بارگاویە بە هێز و هەژموونی هێزە سیاسییەکان و بگرە کەوتووەتە ژێر کاریگەری سەرمایەدار و پارەدارەکانیش. سەرچاوە https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/1202202310. (وەرگیراوە لە ٢٠٢٣/٧/١).

- هەروەها بە پێی هەمان راپۆرتی سەرەوەی 'ڕێکخراوی ئاران بۆ پەرەپێدانی کولتووری مەدەنی'، لە ٨٧٪ بەشداران ئاماژەیانکردووە کە متمانەیان بە دادگاکان نیە.

[٦] بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی مێژووی خولەکانی پەرلەمان بروانە پێگەی "روانگەی پەی". سەرچاوە : https://payinstitute.org/perleman/darbaray_parlaman.html (وەرگیراوە لە ٢٠٢٣/٧/٤).

[٧] دوای ئەوەی پەرلەمانی کوردستان تەمەنی خۆی درێژکردەوە، سکاڵایەک دژ بەو درێژکردنەوە پێشکەش بە دادگای باڵای فیدراڵی عیراق کراو لەرۆژی ٢٠٢٣/٥/٣٠ ئەم دادگایە بریاری نادەستوری بوونی درێژکردنەوەی پەرلەمانی دا، و

ئەمە تەنها پەرلەمان نیە کە کاریگەری هەژموون و بەرژەوەندی حزبی بەهاکەی لاواز کردووە، بگرە زۆربەی دەزگاو دامەراوەکانی دیکەی حکومڕانی لە پرۆسەی دامەزراوەییبووندا توشی وەستان و لاوازی هاتوون. بۆ نمونە دەستێوەردانی حزب لە کاروباری سەربازی بووە بەهۆی چەقبەستوویی لە سلکی بەرگری و ناپرۆفیشناڵی یەکە سەربازییەکان. وەزارەتی پێشمەرگە و هێزە تەناهییەکانی دیکە لەژێر کۆنترۆڵی راستەوخۆی حزبەکاندان و هەرکات بەرژەوەندی حزب بخوازێت یاخود ناکۆکی دروست بێت تەواوی هێزەکان دابەشدەبن بەسەر حزبەکاندا. وەک ئەو دۆخەی لە ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ روویدا، لە ئەنجامی پەلاماردانی سەربازی حکومەتی عێراقی بۆ سەر پێگەکانی هێزی پیشمەرگە لە کەرکوک و ناوچە جێناکۆکەکان، ڕاستەوخۆ هێزی پێشمەرگە پەرتبوون بۆلای حزبەکانیان (Aziz & cottey, 2021 ) وحکومەتی عیراقی توانی بەئاسانی ئەو ناوچانە کۆنترۆڵ بکات. بە کورتی ناسەربەخۆیی دامەزراوەکان ئاماژەیە بۆ لاوازی، هەروەها ڕەخساندنی زەمینەیە بۆ دەستێوەردانی دەرەکی و زۆربوونی گەندەڵی.

٣- توانای خۆگونجاندن ( adaptability). بریتیە لە توانای خۆ ڕزگارکردن لە چەقبەستوویی ( rigidity)، وەڵامی جیاواز بۆ کێشە جیاوازەکان. ئەو گۆڕانکارییە خێرایانەی لە دەوروبەر لە هەموو بوارەکانی سیاسی، کلتوری و ئابوری روودەدەن تاچەند سیستمی سیاسی توانای وەڵام و خۆگونجاندنی هەیە؟ ئایا سیستمی سیاسی یاخود نوخبەی سیاسی ئامادەی گۆرانکاری و نوێگەرین، یاخود هەر لەسەر هەمان ریتمی کۆن دەرۆن. بۆ نمونە لە هەرێمی کوردستان تا چەند حکومەت ئامادەیە ئەو شێوازە تەقلیدییە لە پەیوەندی حزب و حکومەت و رێکارەکان بگۆڕێت، یاخود تاچەند نادانامیکیەتی ناوخۆیی و چەقبەستووی حزبی کاریگەری لەسەر حکومەت و دامەزراوە سیاسیەکانی دیکە هەیە. خۆگونجاندن بۆ حزبەکانیش زۆر گرنگە کە تاچەند توانای گۆرینی فەرمان وئامانجەکانی هەیە بە پێی دۆخی نوێ. بۆ نمونە چۆن دەتوانێ گۆڕانکاری لەخۆیدا بکات کاتێک لە ئۆپۆزسیۆنەوە دەگات بە دەسەڵات.

خۆگونجان پێویستە لەسەر بنەمای زانستی و پێوەری ئەکادیمی بێت، نەک بە پێی دیدو میزاجی بەرپرسەکان. هەندێجار لە هەرێمدا گۆرینی وەزیرێک بووە بەهۆی گۆڕینی تەواوی بەرنامەکان، ئەمە پێی ناگوترێ نوێگەری، یا خۆگونجان، چونکە ڕێگە نادات سەقامگیری بێتەئاراوە و دامەزراوەکان گەشە بکەن. هەر دامەزراوەیەک ڕێسا و بنەمای یاسایی و رێوشوێنی خۆی هەیە کە ساڵ بە ساڵ دەبێت بە خاوەن ئەزموونی دەوڵەمەند و کەڵەکەبوو. هاتنی بەرپرسێک یان وەزیرێکی نوێ ناکرێت ببێتەهۆی سڕینەوەی ئەم بنەمایانەو دووبارە دارشتنەوەی پرۆگرامی نوێ، بەڵکو دەبێت ئەو بنەمایانە زیاتر گەشەی پێبکرێ و نوێگەری تێدابکرێ. ئەگەر بواری پەروەردە لە هەرێم وەک نمونە وەربگیرێ بە هاتنی هەر وەزیرێک گۆڕانکاری لە سیستمی پەروەردە و پرۆگرامەکانیش ڕوویداوە، ئەمەش جۆرێک لە پاشاگەردانی لەبواری پەروەردە دروستکردووە نەک خۆگونجان، کە

---

رایگەیاند هەموو ئەویاسا و بریارانەش لە دوای تەواوبوونی وادەی پەرلەمان لە ٢٠٢٢/١١/٦دەرکراون نادەستورین و هەڵدەوەشینەوە. سەرچاوە: https://shafaq.com/ar/ (وەرگیراوە لە ٢٠٢٣/٧/٢).

دواجار کۆی جڤاکەکە باجەکەی داوە.

٣- ئاڵۆزی (complexity). یەک لە مەرجەکانی دیکەی دامەزراوەیی بریتیە لە هەمەجۆرێتی لە بازنەو دامەزراوەکانی حکومەت، هیراریکیەت و جۆرایەتی ئەرکەکان. زۆر ئاڵۆزی لە دامەزراوەییدا بریتیە لە زۆر ئاستی دامەزراوەییبوون، بە پێچەوانەوە سادەیی لە فەرمانگەکان و ئامانجەکان، دەربڕی لاوازی ڕووکەشیە لە ڕاپەراندنی ئەرکەکان. ئاڵۆزی، جگە لە فرە بازنەیی وزۆرێتی لە یەکە کارگێری و بەشەکان بەواتای بەشداری ناوەندەکانی بیرکردنەوەو دامەزراوە ئەکادیمییەکانیش دەکات بۆئەوەی کارەکان وبڕیارەکان بەباشی و پرۆفیشناڵی جیبەجیبکرێت. ئامانجی ئالۆزی دژ بە سادەییە وە بریتیە لە فرەیی لە دابەشکردن و بەرپرسیاریتیەکان دژ بە کۆکردنەوەی هێز لەدەستی تاکە کەسێک. کۆکردنەوەی دەسەڵاتەکان و بڕیارەکان لە ژێر هەژموونی تاکە کەسێکدا دەبێتەهۆی زاڵبوونی ویستی کەسی و دورکەوتنەوەی دامەزراوەکان لە حوکمی لۆژیکی، کە زۆرجار دەرنجامی هەڵەی لیدەکەوێتەوە.

لە هەرێمی کوردستان مەیلی کەسی ڕۆڵێکی ئێجگار گەورە دەگێرێت لەدەرکردنی بریارەکان، بەشێوەیەک کاری گروپی و ڕەچاوکردنی یاسا و ڕێنماییەکان زۆر لاوازە. بەرپرسی یەکەم بڕیاری سەرەتاو کۆتایی دەدات. ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ دوو هۆکار؛ (١) ئەو کەسانەی کە حزب دایدەنێت لە پۆستە باڵاکان کەسانی تەکنۆکرات نین و ئەزمونی کاری ئیدارییان نیە، لەبەرئەوە بە میزاج کاردەکەن. (٢) ڕادەی ئاڵۆزی و فرەیی لە بەش و لقەکانی دامەزراوەکان، هەروەها ڕادەی یاساو ڕێنماییەکان نەگەشتووەتە ئەو ئاستە ئاڵۆزەی کە ڕێگری لە مەیلی کەسی بکات لەدەرکردنی بڕیارەکان. یەک لە دیاردە نەرێنیەکانی پەیوەست بە ئاڵۆزی لە هەرێمی کوردستان بریتیە لە فەرامۆشکردنی ناوەندەکانی کۆکردنەوەی داتا و بەشدارپێکردنی ناوەندە ئەکادیمیەکان لە دەرکردنی پرۆسەی دروستکردنی سیاسەتەکان و بریارەکان.

٤- پێکەوەبەستران (coherence). یەکێتی نێوان دامەزراوە سیاسیەکان پێویستیەکی دیکەی گرنگە بۆ ڕێگرتن لە پاشاگەردانی. شیانی هاریکاری و پەیوەندی نێوان دەزگاکان، دیسپلین و هاوسەنگی نێوانیان پێویستیەکی ژیاری دامەزراوەییبوونە. دەزگاکان پێویستە لە پەیوەندییەکی دینامیکی بەردەوامدا بن، هاوکات ئەم پەیوەندیە نابێ ببێتە فاکتەری دەستێوەردان لە کاروباری یەکتر. بۆ نمونە پەیوەندی وهاریکاری لە نێوان یەکە سەربازییەکان گرنگن، بەڵام دەستوەردانیان لە کاروباری دامەزراوە مەدەنیەکان کارەساتە.

پەیرەوکرنی ئەم پێوەرانە گرنگی خۆی هەیە نەک تەنها بۆ هەڵسەنگاندنی دۆخی دامەزراوەیی لە هەرێم، بگرە بۆئەوەی لەو راستیە بگەین کە کوردستان پێویستی بە پرۆسەیەکی دریژخایەنی چاکسازی هەیە بۆئەوەی پرۆسەی دامەزراوەییبوون گەشەبکات. هەرگیز بابەتی دامەزراوەیی لە هەرێمی کوردستان سەرکەوتوو نابێت ئەگەر بێت و ئەو ڕێچکەی پەیوەندیە ناتەندروستەی نیوان حزب وحکومەت نەشکێندرێ. تاکو دەستێوەردان و کاریگەری دەرەکی لەسەر دامەزراوە فەرمیەکان زیاتر بێت سیستمی سیاسی لاوازتر دەبێت، و تا سیستمی سیاسی لاواز بێت بواری دەستێوەردان و کاریگەری دەرەکی زیاتردەبێت.

له راستیدا دۆخی هەرێمی کوردستان پێویستی بە سیستمێکی سیاسی بەهێزە کە ئەم بازنەیە بشکێنێ و قۆناغی گەشەپیدانی سیاسی (Political Development) دەستپێبکات. ئەمەش ئەستەمە بە بێ گۆرینی دیدگای حزبەکان بەرامبەر بە حکومڕانی و دامەزراوە سیایسیەکان، بە پێچەوانەوە هەرێمی کوردستان ناتوانێت لەناو قەیرانەکان ڕزگاری بێت و سیستمە سیاسیەکەی نەک گەشە ناکات، بەڵکو دەکەویتە ژێر مەترسی زیاتر لاوازبوون و ناسەقامگیری.

هنتنگتۆن (١٩٦٥) گەشەپیدانی سیاسی پەیوەستکردووە بە پرۆسەی دامەزراوەییبوونەوە. ئەو پێناسی گەشەپیدانی سیاسی کردووە وەک ئاستی دامەزراوەییبوونی دەزگاو دامەزراوە سیاسیەکان (political organisations) و رێکارەکان (procedures). بەهێزی دەزگا سیاسیەکان و رێکارەکان دەگۆڕێ بە پێی قەبارەی پشتگیری و ئاستی دامەزراوەییبوون، تاوەکو پشتگیری گەورەتری خەڵک بۆ دەزگا سیاسیەکان و رێکارەکان مسۆگەربکرێت، سەقامگیری سیاسی زیاتر بەدەستدێت، ئەمەش دەوەستێت لەسەر ئاستی دامەزراوەییبوون. هەروەک ئاستی دامەزراوەییبوونی هەر سیستمێکی سیاسی دیاریدەکرێت لەسەر ئەو بنەمایەی کە تا چەند دامودەزگا و رێوشوێنەکانی رەچاوی ئەو چوار مەرجانەی سەرەوە دەکەن. هەربۆیە مەرج نیە هەموو دەزگاو دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان هەمان ئاستی نا دامەزراوەییان هەبێت، دەکرێت هەندێک ئاستیان باشتر بێت و ئەو مەرجانە یان بەشێک لەو مەرجانە ڕەچاو بکەن، بۆ نمونە خۆگونجاندن و نوێگەری لە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای نوێ لە ناو سیستمی بیرۆکراسی کوردستاندا تا ئاستێک ڕەچاوکراوە، بەڵام هێشتا نەگەشتووەتە ئاستێک کە کاروباری رۆتیناتی کارگێری کەمبکرێتەوە، هەروەها نەتوانراوە دیاردەی واسیتە و دەستێوەردانی حزب و هیزە کۆمەڵایەتیەکانی دیکە لەسەر کاروباری کارگێەری کەمبکرێتەوە.

## تەوەری چوارەم- چۆنێتی چارەسەری هەژموونی حزب؟

یەک لە کێشە سەرەکییەکانی ئەم ژینگەیە لە کاری حزبی سیاسی نەک تەنها لە هەرێمی کوردستان بگرە لە زۆربەی وڵاتانی تازە گەشەکردوو ئەوەیە کە بەرژەوەندی حزبی و کەسی دەخرێتە پێش بەرژەوەندی گشتی، ئەمەش دەبێتەهۆی نەبوونی بەرپرسیارێتی و شەفافیەت. بەرپرسەکان تەنها بڕیارەکانیان بۆ بەرژەوەندی حزب دەرناکەن، بەڵکو ئەم بەرژەوەندییە دەگۆڕدرێ بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان وەک لە پێداویستی ووڵات و ناوچەکانیان. لە هەندێ باردا، حزبەکان پەنا بۆ خوڵقاندنی بارگرژی و توندوتیژیش دەبەن بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندییەکانیان، کە ناسەقامگیری دێنێتەئارا.

بۆئەوەی پرۆسەی دامەزراوەییبون سەرکەوتووبێت، پێویستە دامەزراوە سیاسیەکان خۆیان لە کاریگەری بەرژەوەندی تەسکی حزبی ڕزگار بکەن بۆ کاریگەری بەرژەوەندی گشتی و نیشتمانی. گۆرینی سروشت و وەزیفەی حزب، لە قۆناغی دژایەتی دەسەڵات بۆ بەهێزکردنی دەسەڵات، کارێکی ئاسان نیە، دەچیتە چوارچێوەی مەرجی خۆگونجاندن (Huntington, 1965)، کە پێویستە بە هەستیاری مامەڵەی لەگەڵ بکرێ. واتە حزبەکانی کوردستان ئەگەر تا دوێنێ دژ بە دەسەڵات و

سیستمی سیاسی خەبات و چالاکی جۆراوجۆریان دەکرد، پاش ٣٢ ساڵ حوکمڕانی خۆبەخۆ، کاتی ئەوەیە کە دۆخی شۆڕشگێری و بزوتنەوەی چەکداری تێپەڕێنرێ و بنەمایەک بۆ دەسەڵاتی دامەزراوەییبوون و ڕێکخستنی پەیوەندییەکان لە هەرێم دابنرێ. کاتی ئەوەیە یاسا سەروەر بێ، هەرێمی کوردستان ببێ بە خاوەن دەستورێکی لیبراڵ، بە شێوەیەک دامەزراوە سیاسیەکان بن بە خاوەن بنەمای دەوڵەتی سەقامگیر کە حزب و هێزە کۆمەڵایەتیەکانی دیکە نەتوانن دەستێوەردانی بکەن.

بەر لە هەموو شت خودی حزبەکان پێویستە بن بە حزبی دامەزراوەیی بە واتای بە بێ بوونی حزبی دامەزراوەیی دەوڵەتی دامەزراوەییش نایەتەبوون. هنتنگتۆن (١٩٦٨) پێیوایە هەبوونی حزبی دامەزراوەیی ئاست بەرز مەرجێکی پێشوەختە بۆ دەستەبەرکردنی سەقامگیری، هەروەک نەبوونی حزب، یان هەبوونی فرە حزبی لاواز لەڕووی دامەزراوەیی کەمتر سەقامگیری دروستدەکەن. کاریگەری ئەم دۆخە لە هەرێمدا زۆر بە ڕوونی دەبینرێ کە سیستمی سیاسی بەردەوام لە دۆخێکی ناسەقامگیردایە. کامبۆ(٢٠١٧) ئەوەی دۆزیوەتە کە متمانەکردن کاتێک دەتوانرێت بەدەستبهێنرێت کە خودی حزبەکان بە تایبەتی لە ئاستی دامەزراوەییبووندا بەهێز بن. حزبەکانی هەرێمی کوردستان بۆخۆیان کێشەی گەورەیان لە ڕووی دامەزراوەیی و شەفافیەتەوە هەیە؛ بەشی زۆریان لە ڕووی دیموکراسی ناوخۆیی کەمووکورتیان هەیە، هەڵبژاردن و کۆنگرەکان لە کاتی خۆیدا گرێنادرێن. بە زۆری لەلایەن گروپێکی دیاریکراو بڕیارەکان لەسەرەوە بۆخوار دەردەکرێن و بنکەکانی خوارەوە بەشداری بڕیارە گرنگەکان ناکەن. شێوازی کارگێری، داهات و خەرجییەکان ڕوون نین. ڕەنگە ڕێژەی کەمی بەشداری دەنگدەران لە کۆتا هەڵبژاردن بۆ پەرلەمانی عێراق گوزارشتێکی باشی ئەم دۆخە بکات. کە هەموو حزبەکان دەنگەکانیان بە ڕێژەیەکی بەرچاو کەمی کرد[٨].

بەبێ ڕێکخستن و ڕاگرتنی دەستێوەردانی حزب و پەلوپۆکانی لە نێو دامەزراوەکان پرۆسەی گەشەپیدانی سیاسی لە کوردستان سەرکەوتوو نابێت. ئەم شێوازە لە دەستێوەردانی حزب لە کاروباری حکومەت، هەر لە لوتکەی دەسەڵاتەوە تا دانانی کارمەندێکی ئاسایی، شتێکە وێنەی کەمە. تا ئێستەش تەنانەت لە کەمترین پۆستەوە بگرە تا بەڕێوەبەری قوتابخانەکان و دامەزراوە پەروەردەییەکان بە تەزکیەی حزبی دادەنرێن، تا ئێستا جیاکاری لە نێوان کەسانی حزبی و ناحزبی هەیە و چانسی ئیش لە کەرتی گشتی بۆ کەسانی حزبیە. جیاکاری، کە لە دونیای ئەوڕۆدا خوازراو نیە. جیاکاری هاوڵاتیان لە سەر بنەمای حزبی، ئەتنیکی-ئاینی یا هەرجۆرێکی دی جیاکاری تاسەر

[٨] بۆ زیاتر زانیاری دەربارەی کەمکردنی دەنگی حزبەکان سەیری ئەم ڕاپۆرتانەی درەو میدیا بکە 'دەنگ و پێگەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەسەرجەم هەڵبژاردنەکاندا' ئاماژە بەوە دەکات کە یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢-٢٠٢١ ساڵ بە ساڵ دەنگەکانی کەمی کردووە تاکو لە نێوەندەدا ٪٥٠ی دەنگەکانی لەدەستداوە. سەرچاوە: https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=13005 .

هەروەها ڕاپۆرتی (دۆخی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان: هەڵسەنگاندنێك لەسەر بنەمای ئیندێکسی دیموکراسی) دەربارەی کەمبوونەوەی ڕێژەی بەشداری دەنگدەران لە هەڵبژاردنەکان. سەرچاوە: https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=13751 (وەرگیراون لە ٢٠٢٣/٨/١٥).

ئێسقان دژ بە ئینتیمای نیشتمانیە. یەک لەو بورانانەی کە لە وڵاتە پێشکەوتووەکانی وەک ئەوروپاو ئەمەریکا بۆ دروستکردنی ئینتیما پەیرەودەکرێت، تەنانەت بۆ ئەوانەشی کە وەک پەناهەندە لەو وڵاتانە دەژین بریتیە لە سیاسەتی دژە-جیاکاری کە ڕادەوەستێ لە سەر دەرفەتی یەکسانی ئیش، خوێندن، تەندروستی و دادپەروەری (Wrench, 2007). نەک هەر لە بواری دڵسۆزی نیشتمانی، بگرە جیاکاری دەبێتە هۆی کوشتنی رۆحی داهێنان و بەرهەمهێنانیش. بۆ نمونە کاتێک کەسێکی بێئەزموون و ناتەکنۆکرات لەسەر بنەمای حزبی دەکرێ بە بەرێوەبەر، هەرچەند کارمەندانی دی بە ئەزموونتر و شارەزاتر لەو دامەزراوەدا هەبن، ئەمە دەبێتە هۆی کوشتنی ڕوحی ئیش و داهێنان و کوشتنی ئینتیمای نیشتمانی لای ئەو کارمەندانە.

بۆئەوەی سیستمی سیاسی کوردستان بەردەوام لە قەیران و ناسەقامگیریدا نەبێت، پێویستە دیدی خاوەندارێتی حزب لەسەر حکومەت و دامەزراوەکان نەهێڵدرێت و لە پرۆسەیەکی بەردەوامدا بە یاسا دەوڵەت بکرێ بە باوکی هەموو دامەزروەکان و حزبەکان. هاوکات لە ڕێگەی دەرکردنی یاساو رێنمایی و سیستمی چاودیری، هەوڵبدرێ کاریگەری هێزە کۆمەڵایەتیەکانی دیکەی وەک خزم و عەشێرەت و ئایین، هەروها واسیتە و بەرتیل لەسەر دامەزراوەکان و رێکارەکان نەهێڵدرێت. ئەمەش نایەتە دی تاکو هەموو ئەو دەزگایانەی کە حزب ڕاستەخۆ دەستی تێدا هەیە بە نیشتمانی نەکرێن. یەک لە کێشەکانی سیستمی سیاسی هەرێم ئەوەیە کە بەشێک لە ئۆرگان و دەزگا حزبیەکان بە حکومی کراون، بە پێچەوانەشەوە بەشێک لە دامەزراوە حکومیەکان بە حزبی کراون. بۆ نموونە بەشێکی زۆر لەسەرکردەی حزبە سیاسیەکان یەکەی سەربازی تایبەت بەخۆیان هەیە، کەچی لەرووی کارگێڕییەوە سەر حکومەتن، هەروەک بەشێک لە دەزگاکانی سەربازی و ئاسایشی حکومەت ڕاستەوخۆ لەلاین حزبەکان ئاراستە دەکرێن. پێویستە ئەم تیکەڵبوونە جودابکرێتەوە، کار و ڕێکارەکانی حکومەت بۆ تەواوی هاوڵاتیانە و کاری حزب بۆ حزب. لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە ئەو ڕاستیە بزانرێ ئەم پرۆسەیە کارێکی سانا نیە، چونکە دروستبوونی ئەم پەیوەندیە ئاڵۆزەی نێوان حزب و حکومەت و هێزە کۆمەڵایەتیەکانی دیکە دەستی هەیە لە دروستکردنی جۆرێک لە تۆڕی بەرژەوەندی کەسی، کە ڕەنگە بە دامەزراوەییبوون لە بەرژەوەندییان نەبێت. هەربۆیە پرۆسەی بە دامەزراوەییبوون و گەشەی سیستمی سیاسی لە هەرێمی کوردستان کارێکی قورس و پڕ ئاستەنگە.

## تەوەری پێنجەم- ئەنجام و ڕاسپاردە

هەرچەند ژمارەیەکی زۆر لە پسپۆران بابەتەکانی خۆیان بۆ توێژینەوە دەربارەی حزبە سیاسیەکان تەرخانکردووە، بەڵام ئێمە لەم توێژینەوەیەدا هەوڵمانداوە جەخت لەسەر پەیوەندییەکان بکەین. لەبری ئەوەی باس لە جۆری حزبەکان بکەین، باسمان لە جۆری پەیوەندییەکان کردووە. بەم پێیە، ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتیبوو لە شرۆڤەکردنی کاریگەری ژینگەی سیاسی و سروشتی دامەزراندنی حزبەکان لەسەر پەیوەندییان لەگەڵ دامەزراوە سیاسیەکان کار و هەڵسوکەوتیان دەربارەی پرۆسەی دامەزراوەییبوون. لە ئەنجام ئەوە ئاشکراکراوە کە لەو ناوچانەی حزبەکان لەدەرەوەی سیستمی سیاسی و پەرلەمانی لەدایک دەبن، بەتایبەت ئەو حزبانەی کە

بارگاوین بە ئامانجەکانی بزوتنەوەی نەتەوەیی و ئاینی، یاخود چینایەتی، کاتێک دەگەنە دەسەڵات هەوڵدەدەن سەرچاوەکانی دەوڵەت و دامەزراوە سیاسیەکان بخەنە خزمەت ئامانجەکانی خۆیان. هەربۆیە دەستێوەردانی حزبی و هێزە کۆمەڵایەتیەکانی دیکە لە نێو دامەزراوە سیاسیەکان بەهێز دەبێت و سیستمی سیاسی و دامەزراوەیی لاواز.

تێپەڕاندنی دۆخی هەژمون و دەستێوەردانی حزبی لە نێو دامەزراوە سیاسیەکان ئالینگارییەکی گەورەیە و پەیوەستە بە گۆڕینی دونیابینی حزبەکان بۆ دەوڵەت و بەرژەوەندی گشتی. بەدیوێکی دیکەدا ئەم کێشەیە پەیوەستە بە گواستنەوەی یاخود خۆ ڕزگارکردن لە قۆناغی شۆرشگێری و دروشمی سۆزداری بۆ دونیابینی دەوڵەتداری و گەشەپێدانی دامەزراوە دیموکراسییەکان.

توێژینەوەکە کە پشتی بە شرۆڤەکردنی دۆخی هەرێمی کوردستان بەستووە بۆ سەلماندنی گریمانەکەی، بۆئەوەی کاریگەری دەستێوەردانی حزبی لە نێو دامەزراوەکان کەمبکرێتەوە بە گرنگی دەزانێت کە هەوڵبدرێ ئەو دەزگاو شوێنانەی کە بە تەواوی لە ژێر هەژموونی حزبدان بە نیشتمانی بکرێن و بە خەڵکانی تەکنۆکرات وئەکادیمی دەوڵەمەند بکرێن. بۆئەمە دامەزراندن و بەرزکردنەوەی پلە لە ڕێگەی تەزکیەی حزبی لە نێو کەرتی گشتی و هەموو ئەو چالاکییانەی کە پەیوەستە بە دەستێوەردانی حزبی و هێزە کۆمەڵایەتیەکانی دیکەی وەک چالاکی هاوبەشی ئۆرگانەکانی حزب و حکومەت، کۆبوونەوەی حزبی لەناو فەرمانگە حکومییەکان قەدەغەبکرێت.

هەروەها بە گرنگی دەزانێت دەستی حزبەکان لە سلکی پێشمەرگە و هێزەکانی دیکەی تەناهی دوربخرێتەوە و بەپێی ستانداردی سەربازی و خەڵکانی دەرچوی کولێژەکنی سەربازی یەکەکانی بونیاد بنرێتەوە. هاوکات قەدەغەی ڕێکخستنی سیاسی لە نێو سلکی پێشمەرگەو هێزەکانی ناوخۆ بکرێت.

## سەرچاوەکان:


حرب، اسامة الغزالي. (١٩٨٧).الاحزاب السياسية في العالم الثالث. كويت: العالم المعرفة، المجلس الوطني للثقافة والفنون والآداب.

المصري، صباح مصطفى. (٢٠٠٠). النـظام الحزبي. القاهرة: المكتب الجامعي الحديث.

الكاظم، صالح جواد و العاني، علي غالب. (١٩٩١). الانظمة السياسية. القاهرة: العاتک لصناعة الكتاب.

سالّح، یاسین. (٢٠١٠). ئۆپۆزسیۆنی سیاسی. سلێمانی: دەزگای رەهەند.

Bali, A.O. and Zarea, H., 2018. The challenges of firms in Iraqi Kurdistan economy in the light of strategic acquisition theory. Competitiveness in Emerging Markets: Market Dynamics in the Age of Disruptive Technologies, pp.245-262.

Aziz, Sardar & Cottey, Andrew (2021). The Iraqi Kurdish Peshmerga: military reform and nation-building in a divided polity, *Defence Studies*, 2(21), 226-241.

Bengio, Ofra. (2008). Iraq—From Failed Nation-State to Binational State? In A Susser (Ed.), *Challenges to the Cohesion of the Arab State*, (pp59-83). Tel Aviv: The Moshe Dayan Center.

Cross, W. P., & Katz, R. S. (2018). The organization of political parties. In Katz, R. S and Mair, Peter, (Eds.), *Democracy and the cartels of political parties* (pp. 47-70). Oxford University Press.

Duverger, Maurice. (1954). *Political Parties*. London: Methuen.

Ezrow, Natasha M. and Frantz, Erica. (2013). *Failed States and Institutional Decay*. London: Bloomsbury.

Franzén, Johan. (2011). The Problem of Iraqi Nationalism. *National Identities*, *13*(3), 217-234.

Fukuyama, Francis. (2014). *Political Order and Political Decay*. London: Profile books LTD.

Gunther, R and Diamond, L. (2003). Species of Political Parties, A New Typology. *Party Politics*, 9(2), 167-199.

Haddad, F. (2017). Sectarianism in Iraq: Antagonistic visions of unity. Columbia University Press.

Heydemann, S. (2013). Authoritarian learning and authoritarian resilience: Regime responses to the 'Arab Awakening'. Security Studies, 22(3), 325-359.

Hiltermann, Joost. (2023). Iraqi Kurdistan Twenty Years After. *International Crisis Group*. https://www.crisisgroup.org/middle-east-north-africa/gulf-and-arabian-peninsula/iraq/iraqi-kurdistan-twenty-years-after (23/10/2023)

Huntington, Samuel P. (1965). Political Development and Political Decay. *World Politics*, 17(3), 386-430.

Huntington, Samuel P. (1968). *Political Order in Changing Societies*. New Haven and London: Yale University Press.

LaPalombara, J. and Weiner, M. (1966.) The Origin and Development of Political Parties. In *Political Parties and Political Development*. Princeton: Princeton University Press, pp. 3-42.

Kambo, Gustiana A. (2017). Institutionalization Process Dymension of Political Parties (Study of Institutionalization of Golkar Party in South Sulawesi Province). *Journal of Society and Governance*, 2(1), 77-87.

Kopecký, Petr. (2011). Political Competition and Party Patronage: Public Appointments in Ghana and South Africa. *Political Studies Association*, (59), 713–732.

Le Billon, P. (2003). Buying Peace or Fueling War: The Role of Corruption in Armed Conflicts. *Journal of International Development*, *15*(4), 413-426.

Levitsky, S and Way, L. (2002). The Rise of Competitive Authoritarianism. *Journal of Democracy*, 13(2), 51-65.

Lust-Okar, E. (2014). Political parties in authoritarian regimes: Institutionalization and persistence in the Middle East. Comparative Politics, 46(2), 127-149.

Müller, W. C. (2016). Contemporary political ideologies: A comparative analysis. Routledge.

Sartori, Giovanni (1976) *Parties and Party Systems*: *A Framework for Analysis*. Cambridge: Cambridge University Press.

Weber, Max. (1947). *The Theory of Social and Economic Organization* (tr. Henderson and Parsons), New York: The Free Press.

Webb, P. D. (2017). The modern British party system. SAGE Publications